سوپای پاسداران دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی سەربە قەوارەی زایەنی ڕاگەیاند

ئەمە شەممە،سوپای پاسدارانی ئێران دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکی سەربە قەوارەی زایەنی لە گەرووی هورمز ڕاگەیاند.

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی سەربە هێزکانی سوپای پاسداران، هێزی دەریایی سوپای پاسداران ڕۆژی شەممە، دەستی گرت بەسەر کەشتییەکی بارهەڵگری سەر بە قەوارەی زایەنی لە کەنداو.

ئاژانسەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە هێندێک سەرچاوەی هەواڵ بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەم کەشتییە بارهەڵگرە کە ناوی (Aries MSC)ی لەسەرە بە ئاڵای پورتوگاڵەوە، بەڵام ئەم کەشتیە پێیوەندی بە کەمپانیای زەدیاک ماریتایمەوە هەیە کە بنکەکەی لە لەندەنە و خاوەنەکەی ملیاردێرێکی زایەنی یە بەناوی (ئیال عوفر).